## چوار کارمەندی ئاگر کوژێنەوە دەست لەکار دەکێشنەوە

هەفتەی رابردوو چوار کارمەندی ئاگرکوژێنەوەی شاری چۆمان بەهۆی زۆری کاتی کارکردنو کەمی مووچەو خزمەتگوزاری دەستیان لەکار کێشایەوە.

## ئاسایش دەست بەسەر ئۆتۆمبێلکدا دەگرێت

شەوی ١٨ / ١٢ ئاسایشی خەلیفان دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپڵ دادەگرێت، ئەمە لەکاتێکدا بوو دوای ئەوەی چەند کەسێك ئەو ئۆتۆمبێلەیان لە هەولێرەوە دزیوەو بردوویانە بۆ خەلیفان بەبیانووی ئەوەی کە کار ناکات لەتەنیشت ئاسایش دایانناوە پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ئۆتۆمبیلەکە دزراوەو دزەکانیش دەستگیر نەکراون.

## چەند کەسێك لە پۆلیسێك دەدەن

رۆژی ١٨ / ١٢ چەند کەسێکی نەناسراو لە شاری رواندز پۆلیسێك دەبەنە شوێنێکی چۆڵو سوکایەتی پێدەکەن، دواتر دەرکەوتووە کە ئەو پۆلیسە گوایە تەلەفۆنی بۆ ئافرەتێکی کەسو کاری ئەو چەند کەسە کردووە، تا ئێستا تۆمەتبارەکان دەستگیر نەکراونو لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

## لەلەیلان قوتابخانەیەك پڕیەتی لەتەقەمەنی

قوتابخانەیەکی گوندی قەساری سەر بەلەیلانی شاری کەرکوك برێك تەقەمەنی دەدۆزرێتەوە و پاشان بەرێوەبەری لێ ئاگادار دەکرێتەوە، بەپێی قسەی مامۆستاکان ئەو قوتابخانەیە پێشتر سەربازگەی رژێمی بەعس بووە و تاکو ئێستا پاك نەکراوەتە

## کەبود وەند:

# لە ساڵی رابردوودا ١٢ سزای لە سێدارەدان و ٢٠ کوژراوو دەستگیرکردنی ٢٠٠٠ هاووڵاتی لە ئێران هەبوون

**-:رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ی دامە زراوە و مە بە ست لە دامە زراندنی چی بوو؟**

+ هزری دامە زراندنی رێکخراوە کە مان دە گە رێتە وە بۆ سالآنی ١٩٩٣. ئە وکاتە من بە هاوکاری ژمارەیە ك لە دۆستانی غەیری کوردم بۆ گەشە ی دیموکراسی و مافی مرۆڤ رێکخراوێکمان لە شاری تاران دامەزراند. شیلگیر بوون و پێداگری من لە سەر زەق کردنی" لایەنی مافی مرۆڤی" لە و رێکخراوەیە دا پاش ماوە یە ك کە ئە م سازیە تێك چوو و بلاو بوو، هانی دام کە سازییەکی کوردستانی ئاوا بکەم.

پێشێل کاری و بن پێکردنی زەق و ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ،سزای لە سێدارە دانی سیاسی ،وحوکمی قورس و گرانی زیندان بۆ چالاکانی سیاسی و ئەندامانی لایەنە سیاسی و کوردیە کان،بایکۆتی راگە یاندنی کوردستان لە لایەن راگە یاندنە کانی نزیك لە کۆماری ئیسلامی، بوونی ترسو لە نێو گەلدا و سانسۆری بێ سنووری گۆڤارە کوردیەکان لە لایەن خۆیانەوە،پێداویستی دامەزراندنی رێکخراوێك بۆ لە قاو دانی پێشێلکارییە کانی مافی مرۆڤ و بن پێ کردنی مافەکانی گەلی کوردی زۆرتر بەرجەستە دە کرد.ئێمە کار و باری خۆمان بە دەرکردنی رۆژنامەی "پە یامی مەردم" دەست پێ کرد .

حەوتەنامەی《 پەیامی مەردم》 بە درێژایی تەمەنی خۆی بەبلاوکردنەوەی تار سە بارەت بە" مافەکانی مرۆڤ ،مافەکانی ژنان ،و مافەکانی گەلی کورد" هەوڵی دارشتنی بناغەیەك بۆ سازیەکی مافی مرۆڤی دا.بەلآم داخستنی خێرای حەوتوو نامەکە لە لایەن دادگاوە کە لە سەر سکالآی وەزارەتی ئیتلاعات بوو ،تا ئاستێکی زۆر هزری ساز کردنی رێکخراوی مافی مروڤی کوردستانی ،خستە ئاراوە .

وێرای روبەروبونە وە لە گەڵ ئەم کێشانە لەگەڵ هەندێك لە دۆستان لە دەسپێکی ساڵی ٢٠٠٦دا لە تاران چەندین کۆبوونەوەمان سازکرد و لە دوای لێکۆلینەوە لە سەر هەموو لایەنەکان،رێکخراوی مافی مروڤی کوردستانمان بنیادنا کە بە پرۆگرامێکی یەك سالە لە 《 ٩ئاوریلی ٢٠٠٦》بە شێوەیەکی رەسمی خۆی ناساند.هەروەها منیش وەکو بەرێوەبەر و وتەبێژی رێکخراوە کە ناسێندرام.ئامانجی رێکخراوە کە" هەوڵدان بۆ وەدی هاتنی هەموو مافە بنەڕەتەکانی پەسە ندکراو لە جارِی گەردوونی مافی مروڤ و پەیمانە نێو نەتەوە ییی پراکتیزەکردنی پرۆتۆکۆلە سپێندراوەکانە .

هەروەها ئیفشای پێشێل کارییەکانی مافی مروڤ لە ناوچە کورد نشینەکانی ئێران لە ئامانجە کانی ئەو رێکخراوەیە .

**-هاوکاری دارایی و ماددی ئە ورێکخراوەیە لە لایەن چ کەس و لایەنێکە وە داین دە کرێت؟**

+ : رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دارایی و یان ئیمکاناتێکی ماددی نییە. ئەو رێکخراوەیە بۆ کریٚ کردنی شوێنیکی تایبەت بۆ نووسینگەی ناوەندی خۆی و یاخوود دەرکردنی گۆڤار یان پەرتووك، ئاستەنگی وکێشەی جیددی دارایی هەیە و تا ئێستا هیچ ناوەندیان گروپێك،یارمەتی نە داوین و تەنانەت زۆرینەی باری مالی بۆ کاروباری ئەم ریکخراوەیە کەوتۆتە ئەستۆی من و شۆرای بالآی ریکخراوەکەمان .

**-"ئایا دەوڵە تی کۆماری ئیسلامی کێشە وگرفت بۆ ئەم رێکخراوەیە ساز دەکات ؟**

+:بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران ،رێکخراوە سیاسییەکان و پارتەکان دەتوانن ئیزنی تیکۆشان وەربگرن. وبە تایبەتی پیداگریٚ کی زۆرتر لە سە ر پارتە سیاسیەکان دە کریٚ . ئەو پارتانە کە خوازیاری بەشداری لە دەستەلآت دەکەن.وێرای ئەوەش ئێمە دە بینین چە ندین پارتی چالاك کە رۆلی ئۆپۆزیسیۆنی نێو خۆیی یان هەیە بەبیٚ ئیزنیش چالاکی دە کەن .

لە لایەکی ترەوە بۆ ئۆرگانە غەیری دەوڵەتیەکان و غەیرە سیاسیەکان،پێویست ناکات کە ئیزنی رەسمی وربگیرێت .سەرەرای ئەوەش لە و دوایانە دا بە رپرسانی حکومەتی تەئکیدێکی زۆریان هەیە کە تەنانەت ئەم سازیانەش دەبیٚ ئیزنی یاسایی وەرگرن ،بەلآم لە یاساکان دا تەئکیدێك بۆ ئەمەلە ئارا دا نیە . بەهەرحاڵ ئێمە لە سەر ئەساسی ئەم پارادۆکسانە و لە سەر ئەو بنەمایە کە یاساکانی ئیران،بەتایبەتی لەپەیوەندی لەگەڵ مافەکان و ئازادیە سەرەکیەکان ،بە گشتی دورە لەپێوانەکانی جیهانی مافی مرۆڤ و هەروەکو لەکاتی دامەزراندن و وتووێژەکانی تریشمان رامانگەیاندوە ،ئێمە زەرورەتێك بۆ وەرگرتنی ئیزنی یاسایی نابینین وە خوازیاری ئەوەنین. هەڵبەت ئەگەری ئەمەهەیە کە کارو باری ئێمە بە بۆ چوونی هەندێك لە بەرپرسان لە دەرەوەی یاسادا بێت. بەلآم راستی ئەوەیە کە ئێمە بوونمان هەیە و زۆر چالاکین و هە بوونی رێکخراوی ئێمە لە پراکتیك دا پەسند کراوە . سەرەرای ئەمانەش ، ژمارە یەك لە ئەندامانی ئێمە زیندانی کراون و سزایان دراوە تیٚ بەلآم لە راستی دا خالی پۆزێتیف ئەوەیە کە ئەو ئە ندامانە تا ئێستا بە هۆکاری ئەندامێتی لە م رێکخراوە یە دا سزا نە دراون و هۆکاری تری هە بووە .

هە لبە ت چە ند جار سایتە ئینتێرنێتە کانی ئێمە ، فیلتێر کراون یان خۆد هێرشیان کراوەتە سەر .

تەنانەت خۆشم ،تا ئێستا زۆرتر لە ١٥٠ وتووێژی رادیۆیی و راگەیاندنم هەبووە .کە روون و ئاشکرایە کە سەرجەم وتووێژەکان و داخوازیەکانمان لە چاوی ناوەندە ئاسایشیەکان شاراوە نەماوەتەوە .

شایانی باسە کە لە م دوایانە دا سزای ١ سال زیندان بۆ من پەسند کراوە و لە منیان ویستوە کە خۆم هە رچی زووتر بە دادگا و زیندان بناسێنم، بەلآم ئەو سزایە دەگەرێتەوە بۆ پەروەندەی( پە یامی مە ردم) کە لە وێدا بە ٥ ساڵ دور خستنە وە لە کاری رۆژنامەوانی مەحکوم کراوم. سە رجەم ئەمانە راستیەکانی بە رامبەر بە ئێمەن .

**-:ئێستا بارو دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان چۆنە ؟**

+ لە ٢ ساڵی رابردوو دا زۆرتر لە ١٢ سزای لە سێدارەدانی سیاسی و ئاسایشی مان هەبووە . زیاتر لە ٢٠ هاولآتی لە ئاکامی پە لاماری هێزە کانی ئینتزامی و ئاسایشی ئێران لە سە ر سنور و نێو جاددەکان کوژراون .زیاتر لە ٢٠٠٠ هاوولآتی کورد بۆ ماوە یەکی کورت یاخود کاتی دەست بەسەرکراون. بە سەدان نمونەی دەست بەسەرکردنی هاوولآتیان بە بیانووی جوودا جوودای سیاسی و هەروەها پە یوە ندی لە گە ڵ پارتە کوردیە کان و پروپاگاندە لە دژی رژێم ، بە دەستی دام و دەزگا دادوەری و ئاسایشی کان پێك هاتووە.بە داخەوە ئەم رەوتە بەردەوامە و درێژەی هەیە " هەڵبەت《 لە سێدارەدانی سیاسی – لە بە ندکردنە درێژ خایەنەکان یا زیندانی هەتا هەتایەکان》 کەمتر بۆتە وە، بەلآم بە گشتی رەوتی پێشێلکارێکانی مافی مرۆڤ بۆ وێنە پێشێلکردنی ئازادیە سیاسیەکان و ئاستەنگ کردنی چالاکی سیاسێکان- پێشێلکردنی ئازادی رامان و دەربرین- نووسین و چاپەمەنی ، لەلایەن دامو دەزگا دەوڵەتیەکاندا لە ئاستێکی بەربلآو دا پێك دێت. لە لایەکی ترەوە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان کە خۆکوژی و خۆ سووتاندن لەبەرەهەمبەر چاوەکانێتی لەلایەن کۆمەڵگاوە بەدەستی هاوولآتیان پێك دیت .

**-: رێکخراوی ئێوە بۆ ەربە رەکانی لە گەڵ پێشێلکارێکان چ کاریك دەتوانیٚ بکات؟**

ولآم:یٚکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پێکهاتەیەکی غەیری دەوڵەتیە لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پیکهاتووە. ئەم رێکخراوەیە هەروەك هەموو رێکخراوەکانی تری پارێزەری مافی مرۆڤ لە هەمبەر پێشێلکارییەکاندا هەلوێست وەردەگرێت. هەروەها پێشێلکاریەکان بۆ رای گشتی لە کوردستان و ئێران و جیهان ئاشکرا دەکات.تا ئێستا " زیاتر لە ٥٠٠ راپۆرت" لە لایەن هەوالنێرانی رێکخراوە کە بۆ بەرپرسانی حکومەتی و دەوڵەتی، دامودەزگا دادوەری و ئاسایشێکان و بۆ رای گشتی بەرێکراوە .سەرەرای ئەوە" زیاتر لە ١٢٠ لێدوان " لەلایەن ئەو رێکخراوەیە بۆ رێکخراوە ناونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان ناردراوە .

پەیوەندی ئێمە لە گەڵ رێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤ بەردەوامەو دابینکردنی پارێزەر بۆ ئەو کەسانەی کە لە دادگا و دام و دەزگاکانی دەوڵەتی لە کێشە دەکەون لە ئامانجە کانی ئێمە یە .

هەروەها زیاتر لە ١٥٠ وتووێژ لەسەر ریسواکردنی پێشێل کارێکانی مافی مرۆڤ لە گەڵ رادیۆ و تەلەفیزیونەکان و رۆژنامەکان، لە زنجیرە ئاکسیونەکانی ئێمەیە کە لە هەمبەر پێشیل کارێکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا پێك هاتووە.

هەڵبەت ئێمە بو پەرەپێدانی چالاکیەکانی رێکخراوەکەمان و بە رگری کردنێکی بە ر بلآوتر و کاریگەرتر ، لە مافە کانی گە لی کورد چە ندین پرۆژەمان بە دەستەکە هێدی هێدی پراکتیزە یان دەکەین.




**کەبود وەند:**

**لە ٢٢ی مارسی ساڵی ١٩٦٣ لەشاری سنە هاتۆتە دونیاوە، ماوەی ٢٢ ساڵ دەبێت لەتاران ژیان بەسەر دەبات. بڕوانامەی لەبەشی داراییو کارگێری هەیەو پێشتر بەرێوەبەرو سەرنووسەری هەفتەنامەی (پەیامی مەردووم) واتە (پەیامی گەل) بووەو بەتۆمەتی ئەوەی لەرۆژنامەکەیدا پرسی نەتەوەکانی ورووژاندووە، بە قسەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەبستی (جیابوونەوەی کوردستان پروپاگەندەی کردووە)، بۆیە بەماوەی ساڵێك زیندان حوکم کراوەو بۆماوەی (٥) ساڵیش لەکارو چالاکی رۆژنامەگەری قەدەغەکراوە. داواکەی (کەبود وەند) لەمبارەیەوە تا ئێستا لەداگای پیاچوونەوەیەو بەردەوامە. شایانی باسە رۆژنامەی (پەیامی گەل) بەهەردوو زمانی کوردیو فارسی بلاو دەکرایەوەو لەوەتەی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ ەوە بەیەکجاری لەکار خرا.**

# موەلیدە ئەهلیەکان کارەبای دیاریکراو لە هاوڵاتیان کەم دەکەنەوە

پ/ دارەتو

موەلیدە ئەهلیەکانی دارەتوو بەرنامەی کاریان لەبیستو چوار کاتژمێردا هەشت کاتژمێر تەزووی کارەبایان دابین دەکرد بەرانبەر هەر ئەمپێرێك حەوت هەزارو پێنج سەد دینار وەردەگرن لەبەیانی رۆژی ٢٦ / ١٢ / ٢٠٠٥وە موەلیدەکانیان راگرت کە سبەینان ٢ کاتژمێر شەوانیش ٦ کاتژمێر بوو کەمکردەوە بۆ شەش کاتژمێرو تەنانەت شەوانە کارەبا دابین دەکەن ئەویش بەپاساوی ئەوەی گوایە حکومەت گازیان بۆدابین ناکات، بەهەمان نرخی پێشوو هەر ئەمپێرێك ٧٥٠٠ دینار وەردەگرن مانگێکدا.

# لە دارەتوو دیاردەی زیادەڕۆیی بەردەوامە

بەدوای دابەشکردنی زەوی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ بەناوی کرێچییەکانەوە خەڵکێکی زۆری شایستەو خاوەن کرێ چی یان نەکەوتو لەوساوە بووە بە هەلا هەر خاوەن خانوو یەك گەر گۆڕە پانێك بەرانبەری ماڵەکەی هەڵکەوتبی، خۆی بەخاوەنی دەزانێ و بەبیانووی جیاجیاو لەوانە گوایە کوڕییان خێزانی پێك هێکهێناوەو بلوکی لێفرێدراوە خانووی لێ دروست دەکاو هەندێکیان لەلایەن دەسەلاتەوە دڕوخێنرێنو پاشان هەیکەلەکەی دەمێنێ و رەزامەندی لەسەر وەردەگرنو بەچەند هەفتەیەك بەشێوەیەکی باشترو تۆکمەترو دووقات دروستی دەکەنەوە بۆیە بێزارییەکی زۆر لە نێو خەڵکەکەدا دروست بووە ئەم کارەش تەنها لایەنگرانی دەسەلات کارە پێی هەڵدەستن و رێگا بەخۆیان دەدەن، لەمبارەیەوە سەرۆکی شاروانی دارەتوو بارزان عوسمان وتی:

ئەوانەی هەڵدەستن بەدروستکردنی خانوو روزامەندی دێنن لەسەر رووی خۆمان لە دەسەلاتی شارەوانی دانیە زەوی دابەش بکات بەسەر بە خۆ، ئێمە توانیمان سێ جار ەهەلمەتی رووخان بکەین هەرجارەو ١٧ و١٣ و ١٢ خانوو بڕوخێنین وهەندێك شوێنیش سورەت قەیدی ساڵی ١٩٩٠ یان هەیەو ئەوزەوییانە ئیفراز کرابوون، ئێمە ناتوانین رێ لەخەڵك بگرین، بەلام ئیمڕۆ ٢٥/١٢ لیژنەیەك لە زیرەڤانو شارەوانی و ئاسایشو ناحیەی پۆلیس پێکهاتووە بۆ نەهێشتنی وڕێگا گرتن لەزیادەڕۆ لیژنەکە هاتووە هەستابە رووپێو کردنی دارەتوو، هەرچی خانویەك دروست کرابێ لەم ماوەیەی پێشوودا رێیان لێ دەگیریو دەروخێنرێن.

# شارەوانی سۆران زەوی بەسەر فیتەرەکان دابەش دەکات

لە بەروار١٧/١٢/٢٠٠٦ بەمەبەستی رێکخستنی پیشەوەرانی پیشەسازی (فیتەرەکان) دیاری کردنی شوێنێکی گونجاو بۆیان ودورخستنەوەیان لەسەنتەری بازاری سۆران، شارەوانی سۆران هەلسابە دابەش کردنی پارچە زەوی بۆ دوکانەکان، ئێمەش ئەم راپۆرتەمان ئامادەکرد.

سەرەتا ( سنارسۆرکانی) بە پرسی مولکایەتی لەشارەوانی سۆران سەبارەت بەم دابەش کردنە وتی بەمەبەستی دانانی وگواستنەوەو فیتەرەکانو روون گۆر هەموو ئەو پێشەیانەی کە پەیوەندیان بە ناوچەی پیشەسازییەوەهەیە (صناعە) ئێمە شوێنێکمان لە دەرەوەی شار هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەمرۆ بەشێوەی تیروپشك ئەم زەویانەمان جێبەجێ کرد (٣٤٥) زەویمان بۆ مەبەستی دروست کردنی دوکان بۆ فیتەرەکان تەرخان کردووە بە مەبەستی گواستنەوەیان، هەروەها بۆ مەبەستی پاكو راگرتنی شاری سۆرانو پاراستنی ژینگە.

هاوولاتی (وەستا رەشۆ) لە صناعەی سەرەوە وەکو ئەنجومەنی صناعی سەرێ دەلێت: وەکو خاوەن پیشە لە ناوچەی پیشەسازی ئەمرۆ بەشێوەی قورعە هاتووین هەرکەسەو قورعەیەك لە خۆی رادەکێشێت بە شێوەیەکی یەکسانو رێكو پێك کاری زۆرباشە زۆر سوپاسی دامو دەزگای حکومی دەکەینو پەنا بەخوا بەشێوەیەکی رێكو پێك بەرێوەدەچێت.

هاوولاتی (محمد هەولێری ) وەکو خاوەن کاری پیشەسازی دەلێت ئێمە چەند ساڵە کە فیتەری ناوچەی پیشەسازیی، ئەمرۆ خۆشحالین کە ئەم پارچە زەویەمان بەسەردا دابەش کراوە، هی واهەیە هەژارە زۆر خۆشحالٚ بووەکە ببێتەخاوەنی دوکانی خۆیو لەکرێچی رزگاری بێت هاوولاتی (سەرباز مستەفا) دوکان دار لە ناوچەی پیشەسازی لەسەر رێگای جوندیان دەلێت ئەمرۆ خۆشحالبووین زۆر سوپاسیان دەکەین کەئەمرۆ ئەم پارچە زەویەیان بۆ دابین کردووینو لە ناو شار دوور دەکەوینەوەو دەچینە دەرەوەی شار، هەموومان پێکەوە کارێکی باش بوو قەولبوو بە پانزە وەرەقە دووکانێکمان بۆ دروستبکەن، بەلام دیارە بۆ خۆمان دروستی دەکەین، زۆرسوپاسیان دەکەین بۆ دانی ئەم پارچە زەویە.

هاوولاتی (ئارام محمد فەرەج) دەلێت ئەمررۆ ١٧/١٢/٢٠٠٦ دیارە بەرێز قائمقامی قەزای سۆران بگوازنەوە بۆ دەرەوەی شار بۆ ئەم مەبەستە کۆمێك پارچە زەویمان وەرگرتوە ئەم دوکانانەش سیمای شاریان تێکدابوو ، (٣٤٥) پارچە زەوی بەسەر فیتەرەکاندا دابەش کرا، ئێمە زۆرخۆشحالین بەوەرگرتنی ئەم پارچە زەویە.

هاوولاتی (ئامانج محمد کریم) وتی ئەمرۆ رۆژێکی زۆر خۆش بوو بۆ وەرگرتنی ئەم پارچە زەویانە کەلە کرێچی لێرەو لەوێ رزگارمان بوو ئیتر دەبینە خاوەن دووکانی خۆمان. هاوولاتی (یونس حسن) فیتر لە صناعە دەلێت ئەمرۆ بەراستی رۆژێکی خۆشە بۆ دابەشکردنی ئەم پارچە زەویانە بەسەر ئێمەی پیشەوەران زۆر رازین بەم شێوە دابەشکردنەکە بە شێوەی قورعە بوو. تیروپشك.



# کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی هاوکاریی مرۆیی بەسەر خانەوادەی زیان لێکەوتوانی لافاوەکان دابەش دەکات

پ. رێگا

رۆژانی یەکشەممەو پێنجشەممە ١٧ - ٢٠ / ١٢ / ٢٠٠٦ (جمعیە الامل العراقی - IAA ) هەستا بەدابەشکدرنی هاریکاری مرۆیی بەسەر ١٦٧ خێزانی زیان لێکەوتووی لافاوەکەی سەرەتای مانگی یانزەی رابردوو لەگوندی بلێی خواروو سەر بە خەلیفانو گوندەکانی هەریەك لە ناحیەکانی سمیلانو گەلالەو چۆمانو حاجی ئۆمەرانو دۆڵی رۆست، ئەم کۆمەك کردنەش بریتی بوون لە کەلو پەلی خواردنو جلوبەرگو پێداویستی مندالانو بۆ هەریەك خێزان بڕی ١٠٠ لتر نەوتو یەك بوتڵ غاز بە (قنینەکەوە).